# تاڵترین سپێدە.... تا سەفای فڕین

عەبدوڵلا عەلی

هەتاو زۆری ماوە هەڵبێ.... ئەی ژن
دەریا زۆری ماوە بۆ هەڵچون....ئەی ژن
زۆری ماوە لەسەر چڵی ناسکترین لەنجەی تۆ
دانیشێت و ....ماچێک حەواڵەی با کات و
لە باخاتی ئەم ئاوێنە سەرابیانەدا
پڕ مشتێ لە ڕووناکی....
بکات بەدەم کۆترە یاخییەکانەوە،
من خۆم باوکم بەردەو... دایکم هەڵاڵەیەکی گوشراو
براکەم بەردەو... خوشکەکەم ئێوارەیەکی گریاو.
2
بە تەنکایی بایەکی تیژڕەودا دەڕوانم
لەودیو خەرمانەی ئەستێرە پێکراوەکانەوە
تارماییەک لە بەرد....
تیرێکی دەرچوو بۆ شووشەی شکاوی دڵی ئاسکێک
دەریایەک تژی لە بەردو...ڕۆشناییەک لە بەرد
هەناسەیەکی تولانی بۆ ڕژانی ئەو هەموو خوێنەی
شاری وە جوڵە نەخست،
ئاخر دەمێکە سێبەری تابوتم
سیخناخە بە لورەی زەوی،
ئەستەمە گوێگرتن بۆ نەوای برین
پێڵوم دەمێکە دەوەرێتە سەر تەونی سەفای فڕین
تا گەیشتن بە هیچ.
3
نازانم!
تەوارە دەهاوێ سور باڵی
یان خاکە جوانی خۆی ئەتک دەکا!
بن باڵی قۆچکەی بەرد...گوڵاڵەی لارەمل لە ژێرپێ و
هەناسەی ڕزیوی ناو مزگەوت،
هەردەڕواو دەگەڕێ...مورادێکی سەر بە تەم
دارێک لەو پەڕی ئارامی....وەلێ ئەفسوس

فرمێسک ئارەزووەکان دەشواتەوە
ڤالیۆم بەدەم کەمانەوە دەکەن
تا شۆڕبییەکان زکر بۆ تۆی خوا نەکەن.
4
نازانم!
من مەحکومم بە پاراستنی شەرەفی خوشکەکەم کە لای منەو
دەمێکە خوا بە دیاری بۆی ناردووم،
من ئەو گایەم قۆچم بە سنگی خوشکەکەما دەچێ و
ئەو چەقۆیەم لە سەر ملی دایکم ڕاوەستاوە،
بە خۆم وکۆمەڵێ بەردەوە
پاسەوانی خوشکەکەم دەکەم
خۆیشم هەرشەوەی لای برینێکم.
5
من لە ڕەگەزی بەردم
ئاشنایەتیم لە گەڵ چەقۆوقولابدا
دەگەڕێتەوە بۆ منداڵدانی بەردو
ژن دەپشکوێت لە چاومدا بۆ حەزەکانی خۆم
ژێی زریکەیەتی لە ناخمدا
بۆ پاراستنی شەرەفی خۆم،
خۆت سەما لەسەر چەقۆ مەکە....ئەی ژن
خوێنی خۆت بە نەفرەتا هەڵبواسە
تا کردنەوەی پەنجەرە ....ئەی ژن.
6
بۆ ئەوەی بوونی خۆم
لە سەرگۆڕی قەڵەمێکی پەنجە تەزیوو ڕابێنم
ئالودە دەبم بە ڕەنگێ ئەڤین نەیخوێنێتەوە،
سەرمەست دەبم بە جامی برایمێ
پڕە لە باوەشی هەڵکێشراو لە شەرابی شەکر،
هەتاو بە بەرچاوی شەوەوە
لەدەوری ئیسماعیل دەسوڕێتەوەو
میهرێک بە سواری ئاڵترین ڕەنگەوە
لە هەناسەی ئەو کوچە جەنازەییانەی دوردەخاتەوە،

چەند پیرۆزە ئەم خەڵوەتە موقەدەسە.
7
زۆر بریندارە ئەم غەمە پەمەییانەم،
لە خەویکی قوڵدا پێشوازی لە گوناە دەکات
گوناهێک شمشێری لە سەر ملم ڕاگرتوەو
ڕامم دەکات بە شکست،
من ئێستا مەلۆتکەیەکم لە زریان بەجێ ماو
لە گۆمی ئەبەدیەتدا خنکاو
لە باوەشی شوشەیەکی شکاو دەچم
بە هەناسەکانی.... با.
8
ئەمشەو!
زەمەنێک لە بەهەشتی کراسەکەی تۆ قەرز دەکەم
تەمەناکانم دەدەم بە دەم قولاپێکەوە
سەری خۆم لە دژوارترین ڕێگادا دادەنێم،
کە ژیان تامێکی نەماوە بۆ گوڵەکانی دەرەوە،
وەرە بۆ لام ئەی فریشتەی جام بەدەس
ئەو وێنانەم بەرەوە....کە لە تاریکیدا گرتومن
ئەو فرِینانەم بەرەوە.... کە لە تەنهایدا جێم هێشتن،
ئەو خاچەم لە کۆڵ کەرەوە
کە دەمێکە زەوتی کردوم.
9
ئە کچە موقەدەسەکە!
ئەمشەو وەرەو لە بێدەنگیتم هەڵکێشە
لە نەوازشی پەپولەیەکی لێوعەتراویدا
دواقومی ئەم ڕوتبونەوەیەم
لە سەر چڵی پەنجەکانی خودا داگیرسێنە،کە
پڕە لە زریانی پیاوی ڕوخسار میعراب،
بێزارم لە بێدەنگیت ئەی ژن
بە تورە بوونی شکست خواردوت
لە دۆزەخم.
10

ئەمشەو!
ڕوخسارت لە ئەوین دەچێ
ڕوخسارم لە فرمێسک دەچێ بە فتوای منارەوە
لە سەر خۆشێک دەچم و لاپەڕەکانی شەفەق هەڵدەدەمەوە،
لە شێتێک دەچیت
بە عەزابی مەرگی ماسی لە وشکایدا
بە کەوێکی بریندار پێدەکەنی،
حیکایەتەکانی ئاپۆڕەی گریان
دەکەیتە گەردنی شار.
11
ئەی کچی سینە سەحەر!
نامەیەکم لە تەمێکی تابوتیدا هەڵگرتوە
کە دەمێکە سیخناخە بە شیرینترن سەما،
هەموو شەکری شەوانێ....جەستەی ڕوت دەکەمەوە
تا ماڵەکەم پڕبێت لە نوور....ژورەکەم پڕبێت لە فێنکە بای شار،
من بەشی چەند سپێدەیەکی تر خەونم پێ ماوە
نایەڵم باران لەسەر پێخەفەکەم
لە تەمبور ژەندن بکەوێ
نایەڵم پەنجەرەی ژورەکەم هەی هات بکات و
تریفەی مانگ بتۆرێنێ.
12
ئەمشەو!
ماڵەکەم ڕوت دەکەمەوە
پڕی دەکەم لە مێینەی سوتاو
سوتان بە ئاگری دۆزەخ ناڵێم نا!
سوتان بە پشکۆی پشووبڕناڵێم نا!
سوتان بە دەستەگەرمەکانی لەزەت
بە دزینی تۆوی  ئازادی
بۆ پێغەمبەری ژنننننننننن.